
## یادەوەریی میرزا محەمەد نزهەتزادە

**نووسینی: ڕەحیم نزهەتزادە**

**بڵاو کراوە لە سایتی پێشمەرگەکان 2026/04/21**



وێنە: میرزا موحەمەد نزهەتزادە، وێنەکە ساڵی ١٣٦٤ی خۆری لە ورمێ گیراوە. "بە ژێریی دەستکرد وێنەکە هێندێک ڕێکخراوە"

### بەشی ١: پێشینە و بنەماڵە

- ڕۆڵی تۆفیق بەگ لە هەوڵەکانی هاوپەیمانیی لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەو سەردەمەدا.
- سەرەتای ژیان و دروستبوونی کەسایەتی.
- ساڵی ١٩٤٧: ئەرکێکی چارەنووسساز.
- هاوسەرگیری و ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵە.
- کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانی ژیانی دایکم.

### بەشی ٢:

- مامۆستا مەلا مەجید نزهەتزادە، لە حوجرەکانی فەقێیاتی کوردستانەوە تا زانکۆی تاران و ئەزهەر لە میسر.
- زیندانەکانی ساواک و بە ڕووداوێکی گومانئاویی سەیارە، گیانلەدەستدانی مەلا مەجید نزهەتزادە.
- کورتەیەک لەسەر کەسایەتیی میرزا ئەحمەد نزهەتزادە.
- لەژێر چەقۆی کۆماری ئیسلامیدا.
- پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی.
- شەش مانگ ئازادی.
- کۆتایی ڕێگا؛ سەرەتای یادەوەری.

### بەشی ٣:

- ٢٠/٠٣/٢٠٢٦ لە پرسەی مامم مەلا حەسەن نزهەتزادە، گێڕانەوەی بەشێک لە ژیانی مامۆستا وەک خۆی، لە زمان بەڕێزێک.

## بەشی ١: پێشینەی بنەماڵە

پێش دەستپێک بە چەند وەسفێک لەسەر جەدم نزهەت بەگی ڕەواندوزی کە لە ٢٠١٥ لەسەر داخوازی هاوڕێیەک نووسیم:

**بۆ بیرهێنانەوەی نزهەت بەگی ڕەواندوزی، جەدم:**

جەدێمن؛ ڕێڤینگێ ڕێگایەکی دوور بوو، ڕێکاوی؛ ڕێکا ژیان، ژیان ژ کۆڵە دوور بوو. هیڤیێن ژیانەکی دوور و هوور بوو، پارێزڤانێ ڕێبازا ڕزگاری و ڕێکا نوور بوو. وارسێ چاندەکی کوور بوو، مورشید و شەهیدێ؛ هونەرا پاراستنا سەربەخۆبوونا گەل بوو.

**بە ناوی پیاوێکی بێدەنگ، خۆڕاگر و دڵسۆز و براکانی، لە مێژووی ئازارچێشتووی نەتەوەی کورد.**

لە مێژووی گەلانی ستەملێکراودا، ناوگەلێک هەن، کە ئەگەرچی لەسەر تاریکانەی خەباتی ئازادیخواز دەدرەوشێنەوە، بەڵام لە بێدەنگیدا ژیاون، لە بێناونیشانیدا قوربانی بوون، دوور لە دیدی مێژووی نووسراو و فەرمی ماونەتەوە. ئەوان کەسانێکن کە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک، بەرگەی ئازاری زۆریان لەسەر مل هەڵگرتبوو، بەرگەی کۆچی یەک لە دوای یەک، زیندانی قورس، هەراسانکردنی بەردەوام و ئەشکەنجەدانی سەختیان گرتبوو؛ کەسانێک کە بەبێ بەرخۆدانیان، گێڕانەوەی خەباتەکانی ئەمڕۆی نەتەوەیەک ناتەواو دەبوو.

ئەم یادەوەرییە ڕێزلێنانێکە بۆ یەکێک لەو کەسایەتییانە؛ پیاوێک بەناوی **میرزا محەمەد نزهەتزادە** و براکانی میرزا ئەحمەد، مەلا حەسەن و مەلا مەجید، نەوەی ڕەگداکوتاوی یەکێک لە بنەماڵەکانی میرنشینی سۆران، و ڕزگاربووینەوەکان کە لە ڕەواندوزەوە تا شنۆ، موکریان، و لە مەرگەوەر تا ورمێ، تەواوی بوونی خۆیان پێشکەش لە پێناو ئازادیی کوردستان کرد.

## *بنەماڵەیەک بە ڕەگ و ڕیشەی لە میرنشینی سۆران*

پێشینەی میرزا محەمەد و براکانی، دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی میرەکانی سۆران لە ڕەواندوز، بنەماڵەیەک کە بەشێکی گرنگی مێژووی خەباتەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستانیان لە قاڵبداوە. باوکی میرزا محەمەد، **تۆفیق بەگ**، فرەزمان و زانا بوو، نەک هەر بە هەردوو شێوەزاری کوردی بەڵکوو بە زمانی عەرەبی، فارسی، تورکیش شارەزا بووە. لە سەردەمی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا، کە باوکی "نزهەت بەگ" وەک بەرپرسی ماڵی شێخ ئەرکدار بووە، بە بنەماڵە لەناو ئەو شۆڕشەدا بوون. هەروەها تۆفیق بەگ لە کاتی دیلبوونی بەدەست ڕووسەکانی تزاری، فێری زمانی ڕووسی و کەمێکیش ئەڵمانی بووە؛ پیاوێک کە تینوێتیی زانستی، تەنانەت بە زنجیریش نەمرکایەوە.

مێژووی بەسەرهاتەکانی ئەم بنەماڵەیە، لەگەڵ شەڕەکانی دژ بە عوسمانی و ڕووسیای تزاری لە ڕەواندوز تێکەڵ بووە. ئەو بەرەبابە لە میرانی سۆران، ئەوانە بوون کە هەرگیز سەریان نە بۆ عوسمانی، نە بۆ عەجەم، نە بۆ ڕووسەکان و نە بۆ پاشایەتیی هاوردەکراوی عێراق نەنواند.

"سلێمان بەگ/نزهەت - لە بەشدارانی شۆڕشی نەهری و بەرپرسی ماڵی شۆڕش دژ بە عوسمانی و قەجەر - کوڕی مەجید بەگ، کوڕی میر سلێمان بەگ، برای پاشای گەورە" باپیری میرزا محەمەد - بە هۆکاری نەزانراو بۆ من - لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شێخ محەمەد سەدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوڵا پەڕیبوونەوە ڕۆژهەڵات، بەدیل گیران و بە فەرمانی حاکمی تزاری لەگەڵ چەندێک لە دیکە ئەندامانی بنەماڵەی، لە ١٩١٤ لەسێدارە دران. بەپێی هێندێک گێڕانەوە نزهەت بەگ چەند زمانی زانیوە کە لەنێودا زمانی فەڕەنسی یەکێک لەو زمانانە بوو کە لە ئیستەمبوڵ پەروەردەی لەو زمانە بینیبوو. "گڵکۆی نزهەت لە بالاوی ورمێیە".

تۆفیق بەگی کوڕیشی لە ناوچەیەکی دیکە بەدیل گیرا، تا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە سیبیریا بە زیندانی مایەوە. دوای گەڕانەوەی لە زیندانی ڕووسیا، تۆفیق بەگ لەگەڵ سەید تەها دەگەڕێتەوە ڕەواندوز، بەڵام گوشار و تێکهەڵچوونە قورسەکانی

مابەینی نەتەوەی کورد و چوارچێوە سەپێندراوەکەی عێراقی نوێدامەزراو، بە هاتنە سەردەسەڵاتی پاشای هاوردەکراوی ئوردونی بە پشتگیریی بەریتانیا، ئەم ساڵانە بنەماڵەی ناچار کردەوە لە باشووری کوردستانەوە، دووبارە ئاوارە ببنەوە و ڕوو لە نەڵیوانی شنۆ، پاشان بۆ مەرگەوەر و شاری ورمێ بکەنەوە.

گەڕانەوەی تۆفیق بەگ لە دیلی، سەرەتای لاپەڕەیەکی نوێ بوو. ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی میرزا محەمەد — دایە پەریزاد — دەکات، کە دوای کۆچی تۆفیق بەگ دەبێتە کۆڵەکەی ماڵەوە و منداڵانی. چەند ساڵ دوای لەدایکبوونی کچە گەورەکەیان، میرزا محەمەدی کوڕیان لەدایک دەبێت. بەڵام ڕۆژگار مەجالی ئارامیی بۆیان نەهێشتەوە: لە زستانێکی سەختدا - ساڵ و بەروارەکەی نازانم - تۆفیق بەگ لە سەربانێکەوە لە دزەی مەرگەوەر خلیسکە دەبات و دەکەوێتە خوارەوە، دوای ماوەیەک بەهۆی شکانی پشتییەوە کۆچی دوایی دەکات. ئەم ڕووداوە چارەنووسی میرزا محەمەدی لاوی گۆڕی؛ بارگرانیی ژیانی خێزانیی کەوتە سەر شانی، ئەو دەبوو هەم باوک بێت، هەم برایەکی گەورە.

جارێکیان سەبارەت بە بەرواری لەدایکبوونی، پرسیارم لە باوکم کردبوو، وەڵامێکم وەرگرتبوو کە ڕەنگدانەوەی ناڕێکخراویی ئیداری و نادادپەروەریی ئەو سەردەمە بوو: "تۆمارکەر هەرچی بیویستبا، لەسەر بەڵگەنامەی لەدایکبوون دەینووسی؛ تەنانەت بەرواری لەدایکبوونی دایکتان کە ١٢-١٥ ساڵێک لە من بچووکتر بوو، وەک یەکەمی نەورۆزی ١٣١٢ تۆمار کردووە. نازانم، بەڵام ساڵی لەدایکبوونی دایکت، بە ئەگەری زۆرەوە بە چەند ساڵ کەم و زێدە، لەو ساڵەی ١٣١٢ی خۆری تۆمار کراوە نزیک بێت. ئەوەی من لە داپیرەتم بیستووە، من چەند ساڵێک دوای گەڕانەوەی باوکم لە زیندانی ڕووسە تزارییەکان، هاتوومەتە دونیاوە، کە دەتوانێت مابەینی ساڵەکانی ١٩٢٢-١٩٢٥ی زایینی بووبێت، ئینجا نازانم کام لە ساڵەکان، هاوین بووە، زستان یان وەرزێکی دیکە."

## *ڕۆڵی تۆفیق بەگ لە هەوڵەکانی هاوپەیمانیی لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەو سەردەمەدا*

تۆفیق بەگ کوڕی نزهەت بەگ و باوکی میرزا محەمەد و برایانی، یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو، کە لە یەکێک لە کۆبوونەوە گرنگەکانی پارتی هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف بەشداریی هەبوو؛ کۆبوونەوەیەک لە ناوچەی مەرگەوەر، لە بناری چیای دالامپەر، لە خاڵی یەکتربڕینی سێ سنووری دەستکرددا بەڕێوەچوو. هەڵبژاردنی ئەم شوێنە جوگرافییە، جگە لە ڕەچاوکردنی ئەمنی، وەک شوێنی پەیوەندی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، گوزارشت لە گرنگیی ستراتیژییەکەی دەکرد.

ئەم کۆبوونەوەیە، دەتوانرێت لە چوارچێوەی پێشهاتە سیاسییەکانی دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، وەک هەوڵەکانی نوخبەی کورد بۆ دروستکردنی جۆرێک لە هاوپەیمانیی سیاسی و ڕێکخراوەیی شی بکرێتەوە. حیزبی هیوا کە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا وەک یەکێک لە یەکەمین حیزبە مۆدێرنەکانی کوردی پێکهێنرا، ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی و ڕێکخستنی چالاکییە سیاسییەکان هەبوو. لە بەرامبەردا ڕێکخراوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان - ژێکاف) بە ئامانجی زیندووکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکخستنی هێزە کوردییەکان، ببوو بە ئەکتەرێکی کاریگەری گۆڕەپانی سیاسیی ئەو سەردەمە.

هاوکات گۆڤاری "نیشتمانی ژێکاف"، وەک یەکێک لە گرنگترین پلاتفۆرمە فیکری و میدیاییەکانی ئەو قۆناغە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکان، پتەوکردنی گوتاری ناسیۆنالیستی و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان بزووتنەوە جیاوازەکانی کورددا هەبوو. ئەم گۆڤارە نەک هەر ڕەنگدانەوەی پێشهاتە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی بوو، بەڵکوو وەک سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و پتەوکردنی لێکنزیکبوونەوە لە نێوان چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیدا کاری دەکرد.

ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان ئەم بزووتنەوانە، لەگەڵ چالاکییە میدیاییەکانی وەک بڵاوکردنەوەی "نیشتمان" — ژمارەی ٩ لاپەڕەکانی ٩-١٠ (کە لەم

دواییانەدا لاپەڕە ٩-١٠ی پەیوەست بەو کۆبوونەوەیەی ئەو ژمارەیە دۆزراونەتەوە) — بۆ کەمکردنەوەی بۆشاییەکان، ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان و گەیشتن بە ستراتیژیی هاوبەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوو. لە وەها چوارچێوەیەکدا، ئامادەبوونی تۆفیق بەگ دەکرێت وەک نیشانەی گرنگیی پێگەی لەنێو نوخبە چالاک و متمانەپێکراوەکانی ئەو قۆناغەدا سەیر بکرێت؛ کەسایەتییەک کە لە پرۆسەی گفتوگۆ و لێکنزیکبوونەوەی نێوان هێزە جیاوازەکاندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

### *سەرەتای بەرپرسیارێتی و دروستبوونی کەسایەتیی میرزا محەمەد*

میرزا محەمەد دوای کۆچی دوایی باوکی، بەناچاری بۆ ئەوەی بژێوی خێزانەکەی لە ڕێگەی بازرگانییەوە پەیدا بکات، لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مەجبووری گەشتی نایاسایی دەبێت. سێ برا بچووکەکەی - میرزا ئەحمەد، مەلا حەسەن و مەلا مەجید نزهەتزادە - بۆ خوێندنی زانستە ئایینییەکان ڕەوانەی قوتابخانەکانی ئەو ڕۆژگارە (حوجرە) کران، خۆیشی بە بەرگەگرتنی سەختییەکان، بژێوی ژیانیانی دابین دەکرد.

زۆرم پێ سەیر بوو، بۆچی مام مەلا حەسەن، هێندە بە کوڵ بۆ کۆچی دوایی باوکم کە کەسێکی بەساڵاچوو بوو دەگری، و لێم پرسی مامە بۆچی؟ بە گێڕانەوەی مەلا حەسەن نزهەتزادەی دووهەم برای بچووکی، لە ڕۆژی کۆچی دوایی میرزا محەمەد نزهەتزادە:

> "هەرگیز هەستمان بە نەبوونی باوک نەدەکرد؛ میرزا محەمەد هەم باوک بوو و هەم برا بوو بۆ ئێمە. نەک هەر خێزانەکەی ڕێکخست، بەڵکوو بوو بە مایەی گۆڕانکاری بۆ ناوچەکەش. یەکەمین دوکان لە دزەی مەرگەوەر، هانمانیدا یەکەم کارگەی شیر و پەنیری لە ڕاژان دامەزرێنین، تاوەکوو چەرچی عەجەم چیتر بەرهەمی خەڵک بە هەرزان بەتاڵان نەبەن. دواتر یەکەم باخچەی میوەی لەلایەن خۆی و براکانییەوە چاند، کارێک کە ڕێگەی بۆ چاندنی سێو و دیکەی میوەکان بۆ دەیان خێزانی دیکە کردەوە."

میرزا محەمەد بڕوای تۆخی بەوە هەبوو، کە پەروەردەی مۆدێرن، ڕێگای ڕزگاریی نەوەکانی داهاتووە. هانی هەرزەکارانی دەدا کە بچنە قوتابخانە زانستییەکان، تەنانەت ئەگەر بەنیازی خوێندنی زانستە ئایینییەکانیش بن، دەتوانن لە پشووی هاویندا ئەم خوێندنە دینییە بە ئەنجام بگەیەنن. ئەم ڕێبازە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک دایک و باوکی نائاگا، ڕەخنەی لێ بگرن و بڵێن: "*ماڵەکەت وێران بێت میرزا محەمەد، تۆ منداڵەکانمان هان دەدەیت و دەیاننێریتە قوتابخانە شەیتانییەکان!*" بەڵام ئەو بە هێمنی وەڵامی دەدایەوە: "*ئەمانە باوەڕداری پاکن، بەڵام لە نەزانیدا گیریان خواردووە؛ دوژمنانی زانینیش ئیمانەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا دەقۆزنەوە.*"

### *ساڵی ١٩٤٧: ئەرکێکی چارەنووسساز*

چەند مانگێک پێش ڕووخانی کۆماری کوردستان، میرزا محەمەد، لە تەمەنێکی لاودا، ئەرکێکی مەترسیداری وەرگرت. قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی، داوایان لە شێخ عەبدوڵا – لە بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵا گەیلانی – و تۆفیق بەگی باوکی کرد، کەسێکی متمانەپێکراویان پێویستە بۆ ئەوەی نامەیەکی زۆر نهێنی بگەیەنێتە سلێمانی. شێخ عەبدوڵا گەیلانی و تۆفیق بەگی باوکی، میرزا محەمەدیان بۆ ئەو ئەرکە هەڵبژارد.

ئەم ڕێگا دوور و مەترسیدارەی بە پێ ڕۆیشت، و بە سەرکەوتوویی نامەکەی گەیاندە چەند کەسایەتییەکی کورد لە شاری سلێمانی. بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوەدا، لەکاتی پشوودان لە باخچەیەکی نزیک گوندێک، خەڵکی گوندەکە بینییان و بانگیان کرد: "تۆ کێیت؟" ئەویش کە ماوەیەکی درێژ لە مەرگەوەر ژیابوو، هەروەها بەهۆی دایکییەوە (دایە پەریزاد) کە لە باوکەوە "بۆتی" و لە دایکەوە "برادۆستی" و خوشکەزای شێخ ڕەشیدی لۆلانی بوو، زاراوەکەی زیاتر دەگەڕایەوە سەر کورمانجیی سەروو، وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ ئەزبەنی ڕێڤینگم (ڕێبوارم)". گوندییەکان گومانیان لە شێوەزاری کورمانجییەکەی کرد و بە "موخەریبێ بارزانی" ناویان هێنا. پاشان پۆلیسی مەلەکییان بانگ کرد، دەستگیریان کرد و گواستیانەوە بۆ زیندانی کەرکوک.

(لە ساڵی ١٩٩٢ لێم پرسی: "ئەو نامەیە چ نامەیەک بوو؟" باوکم بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوە: "منیش هێندەی تۆ بزانم چی بوو، ئەوەش لەبیر مەکە، ئەگەر هاتوو

وەهــا ئــەرکێکت پێ ســپێردرا، ئــەوە نهێنییەکــە تــا دوایین مــەنزڵ دەبێت بــە نهێـنی بمێنێتەوە.")

پێدەچێت دواتر هەندێک کەس ئەو زانیارییەیان دابێت، کە میرزا محەمەد کوڕی هەمان تۆفیق بەگ بووە، هەمان ئەو پیاوەی کە جارێک پاشای هاوردەکراوی عێراق هەواڵی بۆ دەنێرێت: *"لەبەرامبەر وازهێنان لە خواستی کوردستان، ئامادەیە والییەتی مووسڵی ئەو سەردەمەی پێ بسپێرێت"*. تۆفیق بەگیش وەڵامی پاشای عەرەبی عێراقی داوەتەوە — کە لــە ئوردنــەوە هــاوردە کرابــوو بــۆ عــێراق: *"تــۆیی بێگانــە، چــۆن دەتــوانیت پارێزگاریی خاکی خۆمم پێشکەش بکەیت؟"*

میرزا محەمەد دوو ساڵ و نیو لە زیندانی کەرکوک بەسەربردووە. یەکێک لە تاڵترین یادگارییەکانی، بینینی چوار ئەفسەری کۆماری کوردستان بوو کە هەر زوو لەسێدارە دران. بۆ ئەو ئەم چاوپێکەوتنە، برینێک بوو کە هەرگیز لە مێشکیدا سارێژ نەبوو.

یادەوەرییەکی دیکەشی ئەوە بوو، کە بەهۆی کۆچی بەردەوام و باری قورسی ژیانی دەربەدەریی ئەو سەردەمە و دواتر بەهۆی مەرگی باوکی و ئەرکی قورسی براکانی، بۆی نەرەخسابوو پەروەردە ببینێت؛ بەتەنیا دوو ســاڵێک بــە پچڕپچڕی لای هێـندێک مامۆســتای ئــایینی باشــوور خوێنــدبووی. لــە زینــدانی کــەرکوک بــە ڕێگــای چەنــد تێکۆشەرێکی کوردی زیندانی، بە باشی فێری خوێندن و نووسینی هەم کوردی و هەم عەرەبی دەبێت. دواتر لە ڕێگەی براکانی خۆیەوە فێری خوێندن و نووسینی فارسیش دەبێت، فێربوونێک کە تا کۆتایی تەمەنی، کتێبی کردبووە نزیکترین هاوڕێی.

میرزا محەمەد وەک هەر سێ برا پەروەردەدیتووەکەی، زۆر بــە جــوانی شــیعرەکانی باتــەیی، جزیــری، فــەقێی تــەیران و خــانیی شــەرح و تەفســیر دەکــرد، زۆرێــک لــە شیعرەکانیشیانی لەبەر کردبوو.

(گێڕانەوەیــەکی تایبــەت بــە بــرام لــە مــاڵی من لەگــەڵ بــاوکم: هاوڕێیــەکی کرماشــانییم پرسیاری ناوەڕۆکی کتێبێکی لە برام کرد، براشم بەبێ ئەوەی کتێبەکەی خوێندبێتەوە، لەســەر گێڕانــەوەی هاوڕێیــەکی گــوتی: "هیچــە!" بــاوکم بێــدەنگ بــوو تــا هاوڕێیەکــەم

ڕۆیشت، ئینجا لە برامی پرسی: "ئەرێ کوڕم ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە؟ چۆن دەزانیت هیچە؟" براشم گوتی: "نەوەڵا بابە، فلانە کەس گوتی هیچ نییە." باوکیشم فەرمووی: "نەسیحەتێک لە باوکت وەربگرە، لەسەر قسەی ئەم و ئەو بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی کتێب مەدە، بۆ خۆت بیخوێنەوە، ئەگەر هیچیش بێت، تا بتوانی بە بۆچوونی خۆت پارێزگاری لە هیچبوونی بکەیت تا شەرمەزار نەبیت، ئەگەر نەتخوێندبێتەوە، باشترە بڵێیت نازانم، ڕاحەتی گیانم.")

*هاوسەرگیری، ڕەگ و ڕیشەی بنەماڵەی عەزیزانی بۆتان*

میرزا محەمەد دوای ئازادبوونی، هاوسەرگیری لەگەڵ **حەبیبە خان** کچی **گوڵ عەزیزی بۆتی** دەکات. بەپێی گێڕانەوەی هەندێک لە ساڵمەندانی ساڵانی ڕابردوو، گوڵ عەزیز لە نەوەی بنەماڵەی "عەزیزانی بۆتان" بووە، بنەماڵەیەک کە وەک زۆرێک لە خانەدانەکانی بۆتان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەربەدەر کران. گواستراونەتەوە بۆ خۆشاب لە هەکاریی ئەو کات و وانی ئێستا، و مەجبوور بە کۆچ بوون. بەپێی گێڕانەوەی زارەکی، پێشگری "گوڵ" بەهۆی ئەوە بووە کە تاکە منداڵی نێرینەی ئەو بەشەی بنەماڵەی عەزیزان بووە.

دەگوترا گوڵ عەزیز پیاوێکی دەوڵەمەند بوو کە پارەی بەخشیبووە ڕاپەڕینێکی کورد لە باکوور، ئەمەش بووە هۆی دەستگیرکردنی. بە بەرتیل ڕزگاری بوو و لە زیندان ڕایکرد، بەڵام ئەشکەنجەی سەر جەستەی بە جۆرێک بووە کە لەگەڵ گەیشتن بە مەرگەوەر، گیانی لەدەستداوە.

*کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانی ژیانی دایکم*

دایکم باوکی لە بنەماڵەیەکی بۆتی و دایکی لە بنەماڵەیەکی دری بووە. هیچ زانیاری و بیرەوەرییەکی لە باوکی نەبوو جگە لە ناوی. کاتێک باوکی کۆچی دوایی کرد، تەنها پێنج ساڵ تەمەنی هەبوو. لەو ڕووداوە هیچ بیرەوەرییەکی لە یاد نەمابوو؛ نەیدەزانی باوکی بۆچی و چۆن کۆچی دوایی کردووە، یان چۆن گەیشتوونەتە دزەی مەرگەوەر. ئەوەی لەو ساڵانە لە یادیدا مابوو، زیاتر ئەو تاڵییانە بوون کە سێبەری بەسەر ژیانیدا کێشابوو.

دایکم هەندێک جار بە دڵتەنگییەوە باسی ئەو کاتەی دەکرد کە چۆن خاڵی (ڕەشید) بە توندی و دڕندانە، دایکیانی لە دوو منداڵە بچووکەکەی جیا کردەوە. ئەو و خوشکە بچووکەکەی (فاتیمە) لەناکاو لە باوەشی دایکیان بێبەش بوون و چارەنووسیان بەدەست کەسانی دیکەوە سپێردرا. سەرپەرشتییان بە داپیرە بەساڵاچووەکەیان (نەقشێ) و پورییان (سەیلێ) سپێردرا. بەڵام چارەنووس کاتی زۆری پێ نەدان؛ خوشکە بچووکەکەی، پاشان داپیرەی و دواتر پوریشی کۆچی دواییان کرد. دایکم لەو تەمەنەدا باری قورسی تەنیایی و بێکەسی بوو بە بەشێک لە ژیانی.

لە وەها ڕۆژگارێکی سەختدا، کەسایەتییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی بە ناوی **سەید عەبدوڵا گەیلانی**، دەستی یارمەتی بۆ درێژ کرد و خستیە ژێر پشتیوانیی خێزانەکەیەوە. ئەمە پەناگەیەکی ئینسانی بوو بۆی. هەروەها پیاوێکی دیکە بە ناوی **حاجی عەبدوڵا** (دانیشتووی گوندی شێخان لە شنۆ، هاوسەری دووەمی داپیرەم) وەک باوکێکی ڕاستەقینە ئاگاداری دایکم بوو. ئێمە وەک نەوەکانیش هەمان هەستی باپیریمان بۆی هەبوو.

دایکم هەرگیز تاڵی ئەو ساڵانەی لەبیر نەکرد؛ دابڕان لە دایکی و لەدەستدانی ئازیزانی، ببووە بەشێک لە هزر و چارەنووسی. ئەوەی ئەمڕۆ لەبارەی بنەماڵەی "عەزیزان" دەیزانین، بەرهەمی ئەو گێڕانەوە پەرشوبڵاوانەیە کە مێژووی نەوەیەکی پڕ لە مەینەتیمان بۆ دەگێڕنەوە.

## بەشی 2

- مامم مامۆستا حاجی مەلا مەجید نزهتزادە، لە حوجرەکانی فەقێیاتی کوردستانەوە تا زانکۆی تاران و ئەزهەر لە میسر

- زیندانەکانی ساواک و بە ڕووداوێکی گومانئاوی سەیارە، گیان لەدەستدانی مەلا مەجید نزهت زادە

- کورتەیەک لەسەر کەسایاتی مامم میرزا ئەحمەد نزهتزادە

- له ژێر چەقۆی کۆماری ئیسلامیدا

- پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی

- شەش مانگ ئازادی

- کۆتایی ڕێگا؛ سەرەتای یادەوەری

- پێناسەی وێنەکان و وەرگێردراوی بەڵگە

**مامۆستا مەلا مەجید نزهتزادە، لە حوجرەکانی فەقێیاتی کوردستانەوە تا زانکۆی تاران و ئەزهەر لە میسر**

مامۆستا حاجی ملا مەجید نزهتزادە، سیمای ناوداری زانستی، لە حوجرەکانی فەقێیاتی کوردستانەوە دەستی بە خوێندنی ئایینی کرد، بە کۆڵنەدان و بلیمەتی زانستییەوە، درێژە بە ڕێگای بەدەستهێنانی زانستی خۆی تا ئاستە بەرزەکانی دا. لە زانکۆی تاران تاقیکردنەوەی ئیلاهیاتی کردووە و بە پلەی بەرز وەرگیراوە و لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و پاشان ماستەر لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە. لە درێژەدان بە ڕێبازی ئەکادیمی، مامۆستا مەلا مەجید نزهتزادە لە هەنگاوی ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی تێزی دکتۆراکەی لە زانکۆی ئەزهەر لە میسر بوو. بەڵام بەداخەوە، ئەم پڕۆسە زانستییە بە تەواونەکراوی مایەوە؛ بەو پێیەی بە پلانێکی ساواک، لە کاتی ڕووداوێکی گوماناوی ئۆتۆمبێلدا ژیانی لەدەستدا. ئەم ڕووداوە، کە بە چەندین ناڕوونییەوە دەورە دراوە، بە یەکێک لە پرسیارهەڵگرترین ساتەکانی ژیانی ئەم کەسایەتییە زانستییە دێتە هەژمار.

بە پێی هەندێک گێڕانەوە، مامۆستا مەلا مەجید نزهتزادە، لە بوارەکانی فەلسەفە و ئیلاهیاتدا خاوەنی توانای زانستی بێهاوتا بووە. باس لەوە کراوە کە هەندێک لە

ماموٚستایانی زانکوٚ له کاتی وانەوتنەوەدا، بە وردبینییەکی زیاتر و بە گەڕانەوە بوٚ سەرچاوە نووسراوەکان بابەتەکانیان دەخستەڕوو، نەوەک هەر هەڵەیەک لە پێشکەشکردنەکەیاندا بێتە بەرچاوی ماموٚستا مەلا مەجیدەوە.

بە گێڕانەوەی ماموٚستا مەلا حەسەن نزهتزادە، لە ماوەی فەقێیاتی و خوێندنی زانستە ئاینییەکاندا، بەس بوو بوٚ ئەوەی مەلا مەجید تەنیا جارێک لە پوٚلدا ئامادە بێت، یان بە وردی گوێ لە ڕوونکردنەوەکانی ماموٚستا بگرێت، بوٚ ئەوەی بە باشی وانەکە وەربگرێت و فێربێت. زوٚرێک لە فەقێکان بوٚ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بابەتەکانی زانستی ڕوویان دەکردە لای، ئەویش بە وردی، سەبر و شارەزایی زانستییەوە بابەتەکانی ڕوون دەکردەوە و ڕوونی دەکردەوە.

ماموٚستا حاجی مەلامەجید نزهت زادە توانایییەکی بێوێنەی لە ئەدەبیات و زمانی کوردی بە هەر دوو شێوەزاری کورمانجی سەروو و کورمانجی ناوین/سورانی و زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی دا هەبووە.

## زیندانەکانی ساواک و بە ڕووداوێکی دروستکراوی وەرگەڕانی سەیارە، کوژرانی برای بچوکی میرزا موحەمەد "مەلا مەجید نزهت زادە"

لە ساڵانی ١٣٣٨ یا ١٣٣٩دا، بە هوٚی ئەندامەتی میرزا محەمەد و براکانی و هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەڵماس، ورمێ و شنوٚ، میرزا موحەمەد لەگەڵ براکانی میرزا ئەحمەد و مەلا حەسەن دەستبەسەر کران. مەلا حەسەن بە هوٚی نەبوونی زانیاری شاهید لە سەری، دوای چەند مانگێک ئازاد کرا، بەڵام دوو براکەی تر بوٚ ماوەی دوو ساڵ و دوو مانگ لە زیندانی قزڵ حەساری تاران زیندانی کران. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە میرزا ئەحمەد نزهتزادە ئەو کەسەیە، کە بە بێ دوودڵی، ناسنامە عێراقییەکەی دەخاتە سەر ناوی شەهید سەید عبدالله ئیسحاقی سکرتێری ئەو

کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر ئەوەش هۆکار بووە کە شەهید سەید عبدالله ئیسحاقی هاوکات بە ئەحمەد توفیق پێناسە بکرێت.

لەو سالانەدا ساواک بەدوای مەلا مەجید نزهت زادەشدا دەگەڕا- کە بە پێی بەڵگەکانی بەجێماو لە نێو بەڵگەکانی ساواک،"کتێبی اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان بەڵگە ٣٤٨ کۆکردنەوە و داهێنان محمد علی سلطانی" بەرپرسی ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە ورمێ تا شاپور/سەڵماس بوو- بەڵام بەهۆی نەنیاسی و نادیاری پێگەی بۆ شاهیدەکەی/هاوکارەکەی ساواک، لە چنگی ساواک ڕزگاری ببوو. بەڵام دواجار لە بەرپرسیارەتی ئەوقافی مهابادەوە، دوورخراوەتەوە بۆ ئەوقافی تەورێز. لە مانگی ڕەزبەر، چەند مانگێک بەر لە کەوتنی سیستەمی پاشایەتی لە ئێران، لە ڕووداوێکی گوماناوی سەیارەدا کۆچی دوایی کردووە؛ سوکانەکەی ئۆتۆمبێلەکە دەکەوێتە ناو سنگیەوە. شۆفێرە فەرمییەکەشی، دووای چەند تەقڵە لێدانی ئۆتۆمۆبێلەکە، زۆر بە سوکی بریندار ببوو. ئەم مردنە تا ئەمڕۆش بە نهێنی مایەوە، "ئەگەر لە بەڵگەکاندا فەرمانپێکەری ئەو قەتڵە ئاشکەراش بوو بێت، منی نوسەری ئەو دێڕانە ئاگام لێی نییە".

**کورتەیەک لەسەر کەسایاتی میرزا ئەحمەد نزهتزادە**

میرزا ئەحمەدی نزهتزادە، دووهەم کوڕی توفیق بەگ بوو. مرۆڤێکی ئارام و کەم دوو بوو. ئەگەریش دووابا، کورت و پوخت زۆر بە واتا، بە بەیتێک لە هۆنراوەی شاعیرانی کلاسیک یان پەندێکی کوردی وەڵامی دەداوە. میرزا ئەحمەد هاوڕێ لەگەڵ سەید عبدالقادری گەیلانی لە سەر ئەرکی سەید عبدالله گەیلانی ناردرابوونە مەدرەسەی ڕەسمی لە شاری مەهاباد. دوواتریش وەکوو مامۆستا مەلا مەجید و مەلا حەسەن فەقیاتی خوێند بوو، توانایەکی کەم وێنەی لە بوواری فەلسفییەکان و ئائینیدا هەبوو. بەڵام نازانم بۆ پێشگۆی مەلا بۆ مامم میرزا ئەحمەد بەکار نەدەهێندرا.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە میرزا ئەحمەد نزهتزادە ئەو کەسە بوو، کە بە بێ دوودڵی، بۆ کارئاسانی ناسنامە عێراقییەکەی دەخاتە سەر ناوی شەهید سەید عبدالله ئیسحاقی سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر ئەوەش هۆکار بووە کە شەهید سەید عبدالله ئیسحاقی هاوکات بە ئەحمەد توفیق پێناسە بکرێت.

دووکانی قوماشفرۆشی میرزا ئەحمەد لە شارەدێی دزە، بە بەردەوام پڕ بوو لە مامۆستای ئائینی و قوتابیانی لاوی دوواناوەندی، کە پرسیاری زانستییان لە مامم دەبوو. لە گەڵ ئەوەش دا، خۆی و دووکانەکەی بە بەردەوام لە ژێر چاودێڕی چڕی ئەمنی دا بوو.

میرزا ئەحمەد نزهتزادە، توانا و لێهاتووییەکی ناوازەی، لە خوڵقاندن و نووسین بە هەردوو شێوەزاری کوردی واتە کرمانجی و سۆرانی و هەروەها زمانی فارسی دا هەبوو، هەروەها زاڵبوونێکی باشی بەسەر زمانی عەرەبی و تورکیش دا هەبوو. ئەو خاوەنی چەندین بەرهەمە لەوانە: "شێرڤان و خاتوون" بە کرمانجی باکوور، "ژین و ژان" بە کرمانجی ناوین/سۆرانی، و لە زمانی فارسیدا بەرهەمی وەک "سیما و سوڵتانبەگ"، "گولالە و مەحمود"، "ئینسان و ئینسانیەت" و چەند بەرهەمێکی دیکە کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێران، هەرگیز ڕێگەیان پێنەدرا چاپ بکرێن.

## بە بەردەوام لە ژێر چەقۆی کۆماری ئیسلامیدا

لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، چاودێری ژیانی میرزا محەمەد و میرزا ئەحمەدی برای، هەر وەک سەردەمی پاشایەتی بەچڕی و بگرە چڕتر مایەوە. چەند جارێک بە چەند ڕۆژ، هەفتە و جاریش بە مانگ دەسبەسەر کراوە، لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە و ئەشکەنجە دراوە. لە یەکێک لە لێپرسینەوەکانی ساڵی ١٣٦٥:ی خۆری دا، دووای زیاد لە مانگێک دستبەسەرکران بۆ بەردەم دادوەرێک بە ناوی "ئیمانی" بۆ دادگای ئینقلابی ورمێ گوازرایەوە.

ئیمانی:

دەزانی بۆچی دەستگیرکرایت؟

بۆ ئەوەی لە ساڵانی سیەکان دا، بەشداریت لە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمت داوە.

میرزا محمد بە ئارامییەوە وتی:

جەنابی دادوەر، ئەگەر بەنیازی ئەوەن من لەسەر تێکۆشان

دژ بە شا مەحکمە بکەیت، ئەو کات پێویستە زۆرێک لە بەرپرسانی ئەمڕۆی ڕژێمیش بخەنە بەردەم دادگا، چونکە ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست، لەگەڵ ئێمە لە زیندان بوون.

ئیمانی بۆ ساتێک وەستا، پاشان بە پاسدارەکانی ئیتلاعاتی گوت:

ئەمجارە زانیارییەکانتان بە ووردی کۆ بکەنەوە؛ تا هەموومانی لە بەند نەکردووە، ئازادیان بکەن برۆنەوە ماڵەوە.

ئازاد کرا، بەڵام ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی ئەو سەردەمەش، تا کۆتایی ژیانی جێپەنجەی لەسەری بەجێهێشت. دواتر یەکێک لە گیراوەکانی ناوچەکە هاتبوو لای و دانیپێدانا بوو:

ئەوەندە ئەشکەنجە درام، بەبێ مەبەست وتم میرزا محەمەد لە دەهەی سییەکاندا ئەندامی ئەو حیزبە بووە، تۆش بە ڕستەیەک هەمووومانت لە چنگ ئەو زاڵمە ڕزگار کرد.

## پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی

میرزا محمد و براکانی هەرچەندە لە لایەن ئاغا و بەگەکانی ناوچەکە، بە میرزادەی بێ موڵک ناویان دەهێندرا، بەڵام پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوانیان، وەک مەترسی لەسەر

خۆیان دەدیت، چونکە مۆڵکی میرزا محەمەد و براکانی، متمانەی نێو هزر و دڵی خەڵکیان بوو.

لە نێو خەڵکی مەرگەوەر، تەرگەوەر، بەرانـدێز، دۆڵ و دیکە ناوچەکانی ورمێ، سەڵماس و شنۆدا، میرزا محمد و براکانی جێگا و پێگەیەکی تایبەتییان هەبوو.

خەڵک ئەوانیان بە ناوبژیوانی ئاشتی، ڕێنیشاندەرێک بۆ نەوەی گەنج و پەناگەیەک بۆ ستەملێکراوان دەزانی. زۆرێک لەو ناکۆکیانەی کە ئاغا، بەگ و شێخەکان نەیاندەتووانی  چارەسەری بکەن، بە گێرانەوەیەک و دوواجار یەک ڕستە لەلایەن میرزا موحەمەد یان براکانیەوە کۆتایی دەهات.

میرزا موحمەد هەرچەندە پیاوێکی ئایینی بوو، لەسەر ڕێچکەی برای بچوکی مەلا مەجید دەڕۆیشت و باوەڕی وابوو:

"ئیمان پەیوەندی روحی نێوان تاک و ئافرێنەرە، نابێت وەک ئامرازێک بۆ حوکمڕانی یان زاڵبوون بەکاربهێنرێت".

ئەو دەرەحەق بە ئاغا، بەگ و چەندێک لە مەلا و شێخ، ڕەخنەی توندی هەبوو و دەیگوت:

"لە ترسی زانین، منداڵی خەڵک لە قوتابخانە بەدوور دەگرن؛ نەکات زانین ببێتە هۆی ڕزگار بوونەکان."

"شەش مانگ ئازادی": گێڕانەوەی کوڕێک بۆ باوکێک کە مێژووی لەسەر شانی هەڵگرتبوو

بۆ من، کوڕە بچووکەکەی میرزا محەمەد، وێنەی باوکم بەستراوەتەوە بە بێدەنگی، کەرامەت، نیگای میهرەبان و هەندێکجاریش خەمناکییەوە. ژیانی لە منداڵییەوە تا پیری، لە سایەی شەڕ، دەربەدەری، لە سێدارەدانی کەسوکار، زیندان و گۆشەگیری بەسەر برد.

ساڵی ١٩٩٢ کە بە ویزا هاتە سوید، شەش مانگ لەگەڵم مایەوە. ئەو شەش مانگە وەک قۆناغێک وا بوو، کە گۆیا هەردووکمان ژیانمان سەرلەنوێ ئەزموون کردبێتەوە.

لە سوید نیگەرانی سەر ڕووخساری کاڵ بووەوە، هەنگاوەکانی سووکتر بوون، زەردەخەنەکەی دڵسۆزتر بوو. شەوانە لە تەنیشت شۆفاژ دادەنیشتین، و باسی ڕابردووی دەکرد، باسی چیا، ڕووبار، گوندە وێرانبووەکان، ئەو کەسانەی خۆشی دەویستن و هیواکانی گەنجی خۆی دەگێڕایەوە.

بۆ یەکەمجار باوکم لە ڕوانگەیەکەوە بینی، کە پێشتر لە بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و  ئێراندا مەحاڵ بوو.

**دوای گەڕانەوەی بۆ ورمێ چەندین جار گوتبووی؛**

"یەکێک لە جوانترین کاتەکانی ژیانم، ئەو شەش مانگە بوو کە لەگەڵ ڕەحیمی کوڕم بەسەرم برد."

ئەم ڕستەیەم زۆر جار لە کەسانی ترەوە بیستەوە، و هەرجارە قورسایی هەستەکەی، زیاتر لەسەر دڵم جێگیر دەبوو. ئەو بە پەیوەندی نێوان ئێمەوە;شانازی کردن بە پەیوەندی نێوان کوڕە بچووکەکە و ئەو باوکەی کە میراتی کولتووری و سیاسی خۆی پێ سپاردبوو.

ئەم ڕستەیە هێشتا لە مێشکمدا ماوەتەوە و مانا وەردەگرێت؛ مانای باوکێک، کە بۆ ماوەی تەمەنێک لە نێوان زریانەکاندا وەستابوو، بەڵام ساتەکانی ئاشتی لەگەڵ منداڵەکەیدا بە "ئازادی" ناوبرد.

میرزا محمد و میرزا ئەحمد نزهت زادە، هەرچەندە دوواتر وەک ئەندامی حیزبی چالاکییان نەمابوو، بەڵام تا دووا ساتی ژیانییان، بڕوادار بە ڕێبازی کۆمار و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان مانەوە.

## کۆتایی ڕێگا؛ سەرەتای یادەوەری

میرزا محەمەد نزهت زادە لە ٢٦:ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٥ خۆری کۆچی دوایی کرد. گۆڕەکەی لە شاردێی دزەی مەرگەوەرە؛ لە نێو ئەو کەسانەی کە بە دەیان ساڵ متمانەیان پێی هەبوو، لە نێو ئەو خاکانەی کە بە دەستی خۆی و براکانی ئاوەدانی کردبوو، لە لای ئەو جیلەی کە ئەو ڕێگای پەروردە، مەعریفە و ئازادیی لە ژێر هەنگاوەکانیان دا هەوڵێ دابوو.

ژیانی ئەو و براکانی، ژیانی چەند تاکێک نەبوو؛ گێڕانەوەی ئازارەکانی نەتەوەیەک بوو.

ئەو و براکانی نە بەدوای پێگەدا دەگەڕان، نە ناوبانگ؛ نە سامانیان دەویست، نە دەسەڵات.

میرزا محمد و براکانی، لە نەوەی ئەو مرۆڤە پاک و بێدەنگانە بوون، کە بەشێک لە مێژووی کوردستان لەسەر شانی ئەوان وەستاوە.

بەداخەوە دووا کۆڵەکەی ئەو بنەماڵەیەش مامۆستا مەلا حەسەن نزهتزادە، لە ١٦:ی ئاداری ٢٠٢٦ کۆچی دووایی کرد، نەخۆشی مامم و خۆم و دوواجار کۆچی دووایی، ڕێگەیان لێ بڕێم تاوەکوو پێداچوونەوەیەک بەو بابەتەدا بکات تا دەوڵەمەندتری بکەم.

هەتا ئێرە و بە پێی توانای خۆم ،ئەوەی کە بە بیستن، خوێندنەوە یان خۆم شاهیدی بووم، بۆ بەڕێزتانم گێڕایەوە.

هیوادارم لە داهاتوودا ئەو بەڵگانەی مامم مامۆستا مەلا حەسەن لە چەند کتێبی عەرەبی لە پێوەندی لە گەڵ توفیق بەگ دا دۆزیبونەوە، بەردەستم بکرێن یان بە کوردی بەردەست بکرێن.

**یادیان پیرۆز، ناویان نەمر و ڕێگای ڕووناکی بۆ نەوەکانی داهاتوو بێت.**

بەشی ٣ یادنامە بە گێڕانەوەی ئامۆزام کاک مەنسور  نزهتزادە دەربارەی ژیان و تێکۆشانی مامم مامۆستا مەلا حەسەن نزهتزادە ٢٠/٠٣/٢٠٢٦ لە پرسەی مامم پێشکەش کرا

جهت ملاقات با احمد توفیق به عراق رفته پس از ملاقات با وی و اخذ دستورات حزبی احمد توفیق یک قبضه اسلحه کمری سیاه رنگ به وی داده است افندی پس از مراجعت از عراق به قریه سیدک مرگور رفته و در آنجا احمد مصطفی ساکن سیدک نامه ملامصطفی بارزانی را به وی داده است و در آن نامه ملامصطفی بارزانی خطاب به افندی نوشته است که بایستی در تاریخ ۴۳/۸/۲۵ در اینجا حاضر باشید افندی در تاریخ ۴۳/۸/۱۷ در منزل ملا رسول در قریه دیزج مرگور کمسیونی با حضور مأمور و محمد فرزند حاج محمد امین نوی و حاج مصطفی فرزند حاج عزیز و ملا رسول برادر حاج مصطفی تشکیل و پس از نشان دادن اسلحه کمری که احمد توفیق به وی داده و روی آن شهربانی ۱۳۱۷ نوشته شده اظهار می‌دارد که من از طرف احمد توفیق به ریاست شبکه مرگور انتخاب شده‌ام و اکنون به دستور ملامصطفی بارزانی بایستی به عراق جهت کسب دستورات بروم در خاتمه موافقت می‌شود که افندی به اتفاق محمد فرزند حاج محمد امین و حاج مصطفی فرزند حاج عزیز و ملامجید نزهت‌زاده (که برای ریاست شبکه رضائیه و شاهپور و خوی انتخاب شده) و در آن جلسه نبوده از راه اشنویه به عراق بروند. پس از عزیمت آنها ملا رسول تعدادی کارت اعانه و اعلامیه‌های حزبی که افندی با خود از عراق آورده است به مأمور می‌دهد که عکسبرداری و ضمیمه چند برگ اعلامیه حزبی و ترجمه آنها به پیوست ایفاد می‌گردد.

۱ -پرونده عملیاتی جداگانه؟؟؟ شبکه فوق تشکیل شود

۲ -رونوشت اطلاعیه و برگ ارزش خبری در پرونده محصور

گیرندگان: مدیریت کل ادارهٔ سوم (۳۱۶) جهت استحضار.

## ۳۴۹

گزارش اطلاعات داخلی

موضوع: اکراد

محل: تهران


منبع خبر: فروغی ـ تقویم: ب ـ ۲

شماره ۳۲۶/۴۰۷۵

تاریخ وصول خبر ۴۳/۹/۱

تاریخ گزارش ۴۳/۹/۲

به طوری که از لازار یکی از منشی‌های سابق سفارت فرانسه در تهران که اکنون با



... فراهم عده‌ای ۵ قبضه اسلحه
را از اهالی ... بخش بکر دریافت داشته بودند و عشایر مزبور مراتب را به
ملامصطفی گزارش دادند.

گیرندگان:
نیروی زمینی شاهنشاهی جهت استحضار ـ ساواک ـ دفتر ویژهٔ اطلاعات ـ دایرهٔ ویژهٔ سازمان اطلاعات و
امنیت کشور
خیلی محرمانه

۳۴۷

خیلی محرمانه
از د/۲۱ — شمارهٔ گزارش ۱۵۴۰
به ارتش یکم — تاریخ وصول ۴۲/۷/۱۱
تقویم گزارش ب ـ ۲ — تاریخ نوشتن گزارش ۴۲/۷/۱۱
موضوع: تحویل کنسرو از طرف دولت اسرائیل

به قرار اطلاع قوطی های کنسرو از طرف دولت اسرائیل به بارزانی ها داده شده، ابعاد آنها بیست سانتیمتر بوده تا در موقع مضیقه در فصل زمستان مورد استفاده قرار گیرد.

گیرندگان: ساواک ـ دائره ۲
(بایگانی شود) ۴۳/۱۱/۲۷ / خیلی محرمانه

۳۴۸

گزارش اطلاعات داخلی — شماره ۵۴/۱۶۱۶۷
موضوع: فعالیت حزب دموکرات کردستان — تاریخ گزارش ۴۳/۹/۱
محل: منطقهٔ مرگور
منبع خبر: اسفند ـ تقویم: ب/۳

در تاریخ ۴۳/۸/۶ مصطفی احمدی معروف به افندی پیشماز قریه دیزج مرگور

، به گوێرەی بەڵگەی کتێبی " اوضاع سیاسی اجتماعی ایل بارزان گرداوری و پرورش (کۆکردنەوە و داهێنان) محمد علی سلطانی" بەڵگەیەکی نهێنی ساواک بە

فارسی که ئاماژه به ئەندامبوونی و بەرپرسیارەتی حاجی مەلا مەجید نزهت‌زاده لـه حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات. له خوارەوە بەڵگەکەم کردووه به کوردی

رووونوسی بەرگی کتێب:

ناوی کتێب به فارسی: اوضاع سیاسی اجتماعی ایل بارزان

گرداوری و پرورش (کۆکردنەوه و داهێنان) محمد علی سلطانی

به انضمام= پەیوەست

اسرار بارزان-دکتر اسماعیل اردلان-١٣٢٥ شمسی

نهێنیەکانی بارزان-دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەلان-١٣٢٥ خۆری

سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران

ڕێکخراوی بەڵگەنامه و کتێبخانەی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران

تهران ١٣٨٣

تاران. ١٣٨٣

بەڵگەی ژوماره ٣٤٧ و ٣٤٨

بەڵگەی ٣٤٧

زۆر نهێنی:

له د/ ٢١ ژمارەی ڕاپۆرت ١٥٤٠

بۆ سوپای یەکەم بەرواری وەرگرتن ٤٣/٧/١١

ساڵنامەی ڕاپۆرت ب-٢ بەرواری نووسینی ڕاپۆرتەکه ٤٣/٧/١١

**بابەت: گەیاندنی کەلوپەلی خواردنی قوتوو لە حکومەتی ئیسرائیلەوە**

بەپێی زانیارییەکان، کەلوپەلی خواردنی قوتوو لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە دراوە بە بارزانیەکان، ڕەهەندەکانیان 20 سانتیمەترە، بۆ ئەوەی لە وەرزی زستاندا لەکاتی نارەحەتیدا بەکاربهێنرێت.

وەرگرەکان: ساواک-کارگێری ٢

(ئەرشیف بکرێت) /٤٣/١١/٢٧ زۆر نهێنی

بەڵگە ٣٤٨

ڕاپۆرت زانیاری ناوخۆیی

بابەت: چالاکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ژومارە ە ٤/ ١٦١٦٧

شوێن:ناوچەی مەرگەوەر بەرواری ڕاپۆرت ٤٣/٩/١

سەرچاوەی هەواڵ: مانگی ئازار-

ڕۆژژمێر: ب/٣

لە ٦/٨/٤٣ مستەفا ئەحمەدی ناسراو بە ئەفەندی، پێشنوێژی گوندی دزەی مەرگەوەر، چووە بۆ عێراق بۆ دیدار لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، دوای دیدار لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و وەرگرتنی فەرمانی حزبی، ئەحمەد تۆفیق دەمانچەیەکی پێدەدات. دوای گەڕانەوەی لە عێراق، ئەفەندی دەچێتە گوندی سیتک لە مەرگەوەر، لەوێ ئەحمەد مستەفا دانیشتووی سیتک نامەی مەلا مستەفا بارزانی پێدەدات وە لەو نامەیەدا مەلا مستەفا

بارزانی بۆ ئەفەندی نووسیوە; کە پێویستە لە ٢٥/٨/٤٣ لێرە ئامادەبن.  ڕۆژی ١٧/٨/٤٣ لەماڵی مەلا ڕەسووڵ لە گوندی دزەی مەرگەوەر بە ئامادەبوونی بریکار(مامور) و محمد کوڕی حاجی محەممەد ئەمین نۆوی و حاجی مستەفا کوڕی حاجی عەزیز و مەلا ڕەسووڵی برای حاجی مستەفا، کۆمسیۆنێک پێکهێنراوە دوای نیشاندانی ئەو دەمانچە دەستییەی کە ئەحمەد تۆفیق پێی بەخشیبوو و لەسەری نووسرابوو شارەوانی ساڵی ١٣١٧ ڕایدەگەیەنێت من لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە وەک بەرپرسی تۆڕی مەرگەوەر  هەڵبژێردراوم، ئێستاش پێم سپێردراوە بۆ وەرگرتنی فەرمان بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی بچمە عێراق. لە کۆتاییدا، ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە ئەفەندی، لەگەڵ محەمەدی کوڕی حاجی محەمەد ئەمین و حاجی مستەفا کوڕی حاجی عەزیز و مەلا مەجید نزهت زادە  (کە بە بەرپرسی تۆڕی ڕەزایە و شاهپوور و خوی هەڵبژێردراوە) و لەو کۆبوونەوەیەدا حازر نەبووە، لە ڕێگەی شنۆوە بچنە عێراق. دوای ڕۆشتنیان، مەلا ڕەسووڵ ژمارەیەک کارتی بەخشین و تراکتی حزبی کە ئەفەندی لە عێراقەوە هێناویەتی دەدات بە بریکارە(مامور) کە وێنە گیراوە و هاوپێچکراوە لە گەڵ چەند لاپەڕەیەک لە ڕاگەیاندنی حزبی و وەرگێڕادراویان دەنێردرێت.


1- فایلێکی ئۆپەراسیۆنی جیا ؟؟؟ ئەو تۆڕەی سەرەوە پێکبهێندرێت

2- کۆپییەک لە پەڕەی بەهای ڕاگەیاندن و هەواڵەکان لە فایلە هاوپێچەکەدا/تەحدید کراوەکەدا

وەرگران: بەڕێوەبردنی گشتی ئیدارەی سێیەم (٣١٦) بۆ بانگهێشتنامە

بەشی 3





**گێڕانـەوەی ئـامۆزام کـاک مەنسـور نـزهتـزادە لـە ٢٠/٠٣/٢٠٢٦ لـە پرسـەی مـامم، دەربارەی ژیان و تێکۆشانی مامم مامۆستا مەلا حەسەن نزهتزادە من وەک خۆی نوسیومەتەوە، لە دوو پەرانتێزیشدا وردە تێبینی خومم نوسیوە**

مامۆستا حەسەن نزهتزادە لە ساڵی ١٩٣٤ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دەڤەری ڕەواندوز لەدایک بووە؛ خێزانێک کە خۆشەویستی بۆ نیشتمان و ئارمانی ئازادی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی داکوتاوە.

لە نێو چوار برا بە ناوەکانی سلێمان، محمد، ئەحمەد و مەجید و سێ خوشک بە ناوەکانی حسنا، فاتیمە و عائیشە گەورە بووە. بەڵام چارەنووس لە ساڵانی زۆر سەرەتاییدا سێبەری خەم و پەژارەی بەسەر ژیانیاندا هێنا و سولەیمانی برای لە منداڵیدا لێیان وەرگرت.

لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا کە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان تیشکی هیوا لە شاری مەهاباد درەوشایەوە، باوکییان تۆفیق بەگ لەگەڵ حاج سەید عەبدوڵا گەیلانی

بۆ مەهاباد سەفەری کرد، بۆ ئەوەی لەو ڕۆژ و ساتە مێژووییەدا ئامادە بێت. ئەم ڕووداوانە، وەک کاریگەرییەکی بەردەوام، لە مێشک و ڕۆحی مامۆستا مەلا حەسن دا شوێنی دیارییان گرتبوو.

مامۆستا ساڵانێک دواتر لە وتارێکدا، وەبیری هێنایەوە کە چۆن بارزانییەکان هاتوونەتە مەرگەوەر، خەڵک بە باوەشێکی کراوە پاڵپشتییان دەکرد و دواتر بە هاوکاری سەید عبدوڵا گەیلانی، بەرەو مەهاباد بەڕێکەوتن؛ باوکیشی لەگەڵیان بوو.

تەمەنی منداڵی ئەو لە دزەی مەرگەوەر تێپەڕی، لەوێ یەکەم هەنگاوەکانی لەسەر ڕێگای فێربوونی زانستی ئایینی ناوە، بەڵام زۆری نەخایاند ژیان ئەوی بۆ مەیدانی کار، کشتوکاڵ و بازرگانیدا ڕاکێشا.

لە ڕۆژگاریک دا کە ناوچەکە لەژێر کاریگەری ڕووسیادا بوو، باوکی کە پێشتر لەلایەن ڕووسەکانەوە گیرابوو و بردرابووە ڕووسیا، فێری زمانی ڕووسی ببوو و ئەوجارەیان لەگەل حازرانی ئەوجاری یەکێتی سوڤیەت ناو، وەک وەرگێڕ کاری کردووە.

ڕەگ و ڕیشەی ئەو بنەماڵەیە، لە قووڵایی مێژوو و کولتووری ئەو خاکەدا بوو. باپیری، حاج سلێمان بەگ، شاعیری کلاسیک بە نازناوی نوسەرانەی "نزهت"، لە نەوەکانی میرنشینی سۆران بوو. ناوبراو لە ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ لەگەڵ چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی، لە باڵاوی ورمێ لەلایەن هێزەکانی ڕووسیا تزاری لە سێدارە درا، ڕووداوێک تەنانەت لە ڕۆژنامەی "سەفیر"ی ئەستەنبوڵیشدا باسی لێوەکرا. ( تێبینی خۆم: بەداخەوە جگە لە چەند شعرێکی بە پەراکەندە، چ دیوانە شعرێکی لێ بە جێ نەماوە)

سلێمان بەگ "نزهت، پێش ئەوە شانبەشانی کەسایەتییەکانی وەک سەید تەهای نەهری، حاج سەید عەبدوڵا گیلانی و ئیسماعیل ئاغا شکاک، یەکەمین ناوەکی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کوردیان لە ورمێ دامەزراندبوو؛ ڕێکخراوێک بە ناوی "جەمعیەتی ئیستخلاسی کوردستان".

دایکی مامۆستا بە ناوی دایە پەریزاد، هەروەها لە بنەماڵەیەکی ناودار لە بوتان بوو، کە دوای ڕووخانی میرنشینی بوتان کۆچیان کردبوو بۆ ورمێ. دوای شکستی ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک باوکی دەچێتە ڕواندوز، بەڵام برسێتی گەورە ئەو سەردەم دووبارە هێنایەوە ورمێ.(تێبینییەکی خۆم: جارێکیان لەباوکمەوە بیستم; لەو ساڵانەدا لەلایەک ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ بنەماڵەی پاشایەتی هاوردەکراو لە عێراق بوونی هەبوو و لەلایەکی دیکەشەوە ململانێ لە گەڵ قاتی و برسێتی لە هەردوو دیوی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا زاڵ بوو. ئەم دۆخە ئاڵۆزە بۆ خێزانەکەمان، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەگ و ڕیشەی لە دژایەتی باوکمەوە هەبوو لەگەڵ پاشای هاوردەکراو دا. ئەم کۆچکردنە لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، بۆ ماوەیەک، کاریگەری ئەو قاتییەی، لەسەر ئێمە دوو هێندە لێکرد.

بەڵام لە گەڵ ئەو مەرجانەش، ئێمە کە نانی وشک و مرتۆخەمان—نەوعە حەڵوایەکی کوردییە بە ئارد و خورما بەرهەم دێت— هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ زۆر کەسی تر لە دۆخێکی زۆر باشتردا بووین.

لە مامم، مامۆستا مەلا حەسەنەوە بیستوومە، کە لەو ساڵانەدا سەرەڕای برسێتی و هەژاری، مامیان عیزەت بەگ، هاوشانی تێکۆشەرانی ئەو قۆناغە—کە لە ساڵانی دواتردا و لە کۆماری کوردستان ناویان لێنرا "پێشمەرگە"—لە شاخەکانی باشووری

کوردستان بوون و شەڕی هێزی داگیرکەری دەستەڵاتی پاشایەتی بەغدایان دەکرد.) دوای ماوەیەکی کەم توفیق بەگ کۆچی دوایی کرد و باری قورسی ژیان کەوتە سەر دایکی کە بە کۆڵنەدان منداڵەکانی پەروەردە کرد.

مامۆستا مەلا حەسەن لە ساڵی 1958 لەگەڵ دایکە بەسێ مەقسودی هاوسەرگیری دەکات، دەرئەنجامی ئەم هاوژینییە، کوڕێک بە ناوی حوسێن و دوو کچ بە ناوەکانی مەنیجە و رابیعەیە.

بە باکگراوندێکی وا لە هەردوولا – هەم باوک و هەم دایکی – سروشتی بوو کە خەبات بۆ ئازادی و کەرامەتی نەتەوەیی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی خۆی و براکانی. هەربۆیە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خۆی و براکانی لە ورمێ، پەیوەندییان بە ڕیزی پێشەنگەکانی حیزبەوە کرد و ساڵانێک درێژ خەباتیان لەو ڕێبازەدا کرد.

برا بچووکەکەی، مەلا مەجید نزهتزادە کە دواتر ببوو بە بەرپرسی ئیدارەی ئەوقافی مەهاباد، لەگەڵ زۆرێک لە پیاوانی ئایینی و تێکۆشەرانی ناسیۆنالیستی مۆکری، لەوانە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، لە پەیوەندیدا بوو. ئەم پەیوەندیانە بووە هۆی لێکنزیکبوونەوەی سیاسی مامۆستا حەسەن لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی.

مامۆستا مەلا حەسەن، بەهەموو توانابییەوە بەشداری لە شۆڕشی دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی کرد و دواتر وەک یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییە چالاکەکانی ناوچەی ورمێ ناسرا؛ ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی گێڕا، بە تایبەت لە بەرگریکردن لە مافی جووتیاران.

دوای دامەزراندنی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی لەم چوارچێوەیەدا درێژە بە چالاکییەکانی خۆی دا و بۆ چەندین ساڵ لە جەمعی ئەم دەفتەرەدا تێکۆشا.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨دا بە ناچاری زێدی خۆی بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ خێزانەکەیدا پەڕیوەی سوید بوون؛ سەرەتای لاپەڕەیەکی ژیانی دەربەدەری، دوور لە زێدی خۆی و یادەوەرییەکانی. بەڵام دەربەدەری هەرگیز لە بڕوا بوون بە ئارمانەکانی جیای نەکردەوە.

لە سویدیش بەهەمان سۆز و پابەندبوونەوە، بەشداری لە چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکاندا کردووە. بەشداری لە دامەزراندنی پارتی سەربەخۆیی کوردستاندا کرد، دواتر وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) ڕۆڵی هەبوو. دوای ئەوە بەشداری لە کۆنگرەی دووهەمی پارتی بۆ ژیانێکی ئازاد لە کوردستان (پژاک) کرد و بە کەسایەتییەکی بەڕێز و نزیک ناسرا.( تێبینی خۆم: بە پێی گێرانەوەی بەڕێز ئەحمەد ئەسکەندەری، مامۆستامەلا حەسەن نزهتزادە، وەک میوان و نوێنەری دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین حسینی، لە گۆنگرەی ٣:ی کومەڵەی زحمتکێشانی کوردستانی ئێران دا بەشدار بووە)

بە درێژایی ساڵانی مانەوەی لە سوید، بە دڵ و گیان پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لەو ئاراستەیەدا هەنگاوی نا.

لەنێو خێزان، هاوڕێ و ناسیاوەکانیدا، مامۆستا خاوەنی پێگەیەگی بەرز و خۆشەویستییەکی قوڵ بوو، تا دوا ساتەکانی ژیانی لەگەڵ خۆشەویستانیدا ماویەوە.

لەم نێوەندەدا جێی خۆیەتی بە ڕێز و سوپاسەوە یادێک لە هاوسەرە دڵسۆزەکەی، دایە بەسێ، بکەینەوە؛ ژنێک کە ساڵانێک بە سەبر و قوربانیدان بەرگەی ئازارەکانی گرت، هەمیشە لە تەنیشتی مامۆستا وەستا و پشتگیری لە ئارمان و ڕێبازی کرد.

سەرەڕای ئامۆژگاری پزیشکی، مامۆستا مەلا حەسەن پێیخۆش بوو ڕۆژانی کۆتایی لە ماڵەوە، لە دەوری خێزانەکەیدا بەسەر ببات. لە کۆتاییدا لە کاتژمێرەکانی سەرەتای بەیانی یەکشەممە ١٤ی ئازاردا دڵە گەورە و میهرەبانەکەی لە لێدانی وەستا و بە هێمنی و بێدەنگی ماڵئاوایی لەم جیهانە کرد.

مامۆستا شارەزاییەکی باشی لە هەر دوو شێوەزاری کورمانجی سەرو و ناوین، فارسی، عەرەبی و دووان بە ئازەریش هەبوو. دەستی نوسینی شیعریشی هەبوو.

یادییان بەرز و پیرۆز بێت

روح و رەوانی گشت کوچکردووەکان شاد و ئارام بێت ئازیزە کوچکردووەکانی ئێمەشی لە گەڵدا

**سوپاس و پێزانین:**

لێرەوە سوپاس و پێزانینی قووڵی خۆم بۆ هاوکاریی ئامۆزای بەڕێزم کاک فاروق نزهتزادە دەردەبڕم بۆ پێدانی زانیاری بەنرخ سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێندنی باڵای مامی مەلا مەجید نزهتزادە.


هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنم، لە دڵەوە سوپاسگوزارم بۆ ئەو دووبارە گێڕانەوەیانەی کە تازە بوون، هەروەها بۆ دابینکردنی وێنەی بەنرخ.


هەروەها بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئامۆزای ئازیزم، مەحمود نزهتزادە دەرببڕم، کە لە چەندین ساڵەی خوێندنی مامم میرزا ئەحمەد، لە قوتابخانەیەکی گشتیی شاری مەهاباد ئاگاداری کردمەوە.

جگە لەوەش دەستخۆشی لێدەکەم بۆ هاوکاریکردنی لە ڕوونکردنەوەی ڕێزبەندی سلێمان بەگ و مەجید بەگ، وەک چۆن پێشتر سەرلێشێواو بووم لە ڕێزبەندی ئەم دوو پیاوە گەورەیە تا بزانم کامیان باوکەکە بووە.

ڕێک و پێک کردن: ساڵە نەڵۆسی

وێنەکان:












نازانم زانكۆی تاران یان ئەوقافی تەورێزە. ئەوەی بە زەردەخەنەوەی لە پشت پیرەمێردە كڵاو سپییەكەی پێشەوە، مام مەلا مەجید نزهتزادە بەزەردەخەنەوە



مامم میرزا ئەحمەد نزهەتزادە لە ناوەڕاست، ناوی دوو بەڕێزەکە و ساڵی وێنەکە
نازانم لە گوگل دۆزیمەوە



مامم میرزا ئەحمەد نزهتزادە



مامم مامۆستا حاجی مەلا مەجید نزهتزادە،



